# گرێ پووچکەکانی ئەقڵ!

rahmayub@yahoo.de



زۆر جار بینیومانە و بیستوومانە کە بە یەکێک وتراوە و دەوترێت بێ ئەقڵ!

ئەم تۆمەتە ئەگەر چی لە کوردەواریدا هەندێک جار بە هەڵە بە کەسێکدا هەڵدەواسرێت کە بیری لەگەڵمان جیاواز بێت یا شتێک بڵێت و بنووسێت کە لە تێگەیشتنی ئێمەوە دوور بێت، خێرا پێی دەڵێین "بێ ئەقڵ ئەوە ئەڵەی چی؟" یا لای ئەم و ئەو پێی دەڵێین "فلانە کەس زۆر بێ ئەقڵە" بەڵام لە ئەساسدا "بێ ئەقڵیی" تۆمەتێکە کە شایەنی هیچ مرۆڤێک نییە، چوونکە مرۆڤ هەمووی ژیر یا ئاقڵە و تەنیا تێگەیشتن و ڕێگاچارە و تێڕوانینەکانی جیاوازە. تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە لە کۆمەڵگادا وەک "شێت" ناوزەد دەکرێن نابێت بێ ئەقڵ بگووترێت، چوون کە قسەیان لەگەڵ دەکەیت تێت دەگەن و وڵامت دەدەنەوە، تەنیا ڕەنگە وڵامەکەیان ئەوە نەبێت کە ئێمە چاوەڕوانی لێ دەکەین.

کەواتە ئێمە ئەبێت بزانین بێ ئەقڵ یانی چی؟ ئەوەندەی تا ئێستا زانست ناسیبێتی لە نێو هەموو گیاندارانی سەر زەوی تەنیا مرۆڤ ئاقڵ یا ژیرە، باقیەکەی ئاژەڵ، پەلەوەر، حەشەرە، باڵندە، ماسییەکان و..... ئەمانە هەر هەموو بێ ئەقڵ یا ناژیرن. ئەگەر چی لە هەندێک ئاژەڵدا بەدی دەکرێت کە لە ئاژەڵەکانی دیکە "ژیرتر" بن، لە بەر ئەوەی هەندێک شت باشتر لە ئاژەڵەکانی دیکە فێر دەبن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانیش ژیرتر لە هاوڕەگەزەکانی دیکەی خۆیان نین، تەنیا هەندێک توانایی غەریزی زیاتریان تێدایە بۆ دووپات کردنەوەی هەندێک جووڵە یا پەیڕەوی کردنی هەندێک وشە. لە کوردەواریدا بە کەر دەڵێن "هۆش" دەوەستێت و دەڵێن "هەچە" ئەڕوات و لە پەستا چ چ چ ی کورتی قەڵەوی بۆ بکەی بەردەوام دەبێت لە ڕۆیشتن. هەندێک کەس وشەکان زیاتر دەکەن، بۆ وێنە دەڵێن "هەچە کەرە گیان یا هەچە سەگ باب" کەر لەو ڕەستە تێناگات و هەندێک جار ئەگەر تێلاکەی پێدا نەکێشن ناجووڵێت، تەنیا بە هەچەکە یا بە تێلاکە ئەجووڵێت و تەنیا بە هۆشەکە دەوەستێت، بە "هۆش گوێ قووڵاغ" ناوەستێت، مەگەر هۆشەکە بە ڕوونی ببیستێت! بۆیە هەندێک جار لای خۆمان دەبیینین کە خاوەن کەر و وڵاخەکان لە پەستا ئەو زیندەوەرە بەسزمانانە لە بەر چاوی خەڵکدا دارکاری و ئەشکەنجە دەکەن، بۆ ئەوەی بە قسەیان نەکردوون چوون تێیان نەگەییون، کە ئەمە خۆی تاوانە و لە باری ئاکارییەوە بی بەزەییانە و ناڕەوان. تەنانەت لە فیلمە بە ناو بانگەکەی بەڕێز بەهمەن قوبادییش بە هۆی مەست بوونی ئەسپەکان لە کاتی ڕاکردن لە ترسی سەرباز بە شەق و بە چەند کەس لە ئەسپەکان دەدەن و ئەوە زۆر کەس لە جیهان بینییان و پێم وابێت ڕەخنەشی ئاراستە کرا، ئەگەر چی فیلمەکە خۆی لە فیستیواڵەکاندا زۆر سەرکەوتوو هاتە دەر.

ئەم قاعیدانە بۆ کار کردن لە گەڵ ئاژەڵەکان و تێگەیاندنیان لە هەموو وڵاتانی دیکەش بە زمانگەلی جۆربەجۆر هەر یەک شتن و لە سەگ و دێڵفین و تووتی و فیل و ئەسپ و ئاژەڵی دیکەشدا کەم و زۆر وەک یەک بەدی دەکرێن. ئەڵبەت لە بواری ئازار و ئەشکەنجەی ئاژەڵەوە کە لە هەندێک وڵات تاوانە و بە شێوەی یاسایی و قەزایی شوێنکەوتنی بە دووەوەیە بە ئاشکرا لێیان نادەن، بەڵام هەندێک جار ڕۆژنامەوانانی زیرەک یا ئاژەڵپارێزان بە کامێرای شاراوە فیلم و بەڵگەیان لە ئازاری ئاژەڵان هەڵگرتۆتەوە و پیشان یاسا یا ڕای گشتی خەڵکییان داوون. بۆ وێنە فیلم هەڵگرتنەوەی شاراوە لە ئازاری ئاژەڵەکانی ناو سیرک بۆ مەجبوور کردنیان بە ئیتاعەتکردن یا خۆ کوشتاری گیاندارە ئاوییەکان بۆ پێست و بۆ گۆشتەکانیان و .....

کەواتە ئاژەڵان بە گشتی بێ ئەقڵن، بەڵام ئەمە ڕەوایی بە ئازار و ئەشکەنجە و کوشتنیان نادات، بۆ ئەوەی زیندەوەرن و هاوکات بە مرۆڤیش ناگووترێت بێ ئەقڵ، بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەگەر ئەقڵی نەبوویایە ناوی ئاژەڵ دەبوو، کەواتە بێ ئەقڵ وتنیش بە مرۆڤ تاوانە و ئەمەشیان خۆی ڕەوایی بە مرۆڤ نادات کە شۆڤینیزمی خۆی بەسەر ئاژەڵدا بسەپێنێت، چوونکە هەموو بە مرۆڤ و بە ئاژەڵەوە زیندەوەرین و ئەژیین و ئەمرین. مرۆڤ دەتوانێت لە ئاژەڵ کەڵک وەربگرێت، بەڵام پێویستە مافیشی بپارێزێت، واتە لێی نەدات، باری زۆر قوورسی لێ نەنێت، برسی و تینو ڕای نەگرێت و لە سەرما و گەرما بیپارێزێت. لێرە ناتوانم لەمەڕ کووشتنی ئاژەڵ بۆ پێست و گۆشتییان ئیدیعایەکی ڕادیکاڵ بکەم کە مەیانکووژن و مەیانخۆن، بۆ ئەوەی ئەمە ڕازی ژیان و زیندوو مانەوەیە و لەم ڕازەدا تا ئێستا مرۆڤ بە هۆی ژیر بوونییەوە و بە هێزتر بوونییەوە بە هۆی بە کار هێنانی ئەقڵییەوە و تێکنۆلۆژیی بردوویەتییەوە و لە جەنگەڵی وەحشیشدا ئەوەی درِتر و بە هێزتر و فرزتر بێت ئەیباتەوە، بەڵام ئەتوانم ئەو ئیدیعایە بکەم کە بە ئازار و ئەشکەنجە مەیانکووژن و بە زیندوویی سەریان مەبڕن. لە ڕۆژئاوا ئاژەڵ بێهۆش دەکەن جا سەریان دەبڕن یا لە خراپترین حاڵەتدا بە فیشەک و شۆکی کارەبایی ئەیانکووژن جا سەریان دەبڕن. لە وڵاتانی ئیسلام لێدراو بە زیندوویی سەریان دەبڕن بۆ ئەوەی گوایە "منار دەبنەوە" ئەگەر بە زیندوویی و بێ بەزەییانە سەریان نەبڕدرێت، جا من نازانم جیاوازی چییە؟ لە هەر دوو حاڵەتدا ئەو بەسزمانە ئەکووژرێت ئیتر ئەم حەڵاڵ و حەرامە چییە کاسبی پێوە دەکرێت؟ لە جێژنی ئایینی قوربان‌دا بە میلیۆنان ئاژەڵ بە زیندوویی سەر دەبڕن، کە گوایە لەو دونیا ئۆتۆپییاییەی کە بە تەمایین سواری بن! مرۆڤی ئایینی بە تەمایە پاش مردنیش هەر ئاژەڵان بچەوسێنێتەوە، ئەویش لە قیامەت و لە بارەگای خوای ئایین! ئەمانە و زۆری دیکە ئەو بەناو لۆژیکە ئایدیۆلۆژیکییەن کە هەر کەسێک بە پێچەوانەی ئەو بیربکاتەوە بە "بێ ئەقڵی" دەزانێت. هەر ئەو لۆژیکەیە کە ناموسی لە نێو گەڵی ژناندا ئەبینێت و هەر کەس وانەکات بە بێ ناموس و بێ ئەقڵی دەزانێت. هەر ئەو لۆژیکەیە کە شەرەفی خۆی لە پەنا بردن بە دوواکەوتووانەترین کتێب و شەرع و دەستووردا دەبینێتەوە. هەر ئەو لۆژیکەیە کە کوڕان و کچانی منداڵ بە بێ بەزەییانە خەتەنە دەکات. هەر ئەو لۆژیکەیە کە دایکانی خۆیان (ژنان) بە هۆی ژن بوونەوە بە کەم ئەقڵ و مڵکی پیاو ئەزانێت. هەر ئەو لۆژیکەیە کە کووشتنی بیرجیاوازانیان بە مافی بێ ئەملاولای خۆیان دەزانن. هەر ئەو لۆژیکەیە کە بە ناوی ئایینەوە بە میلیارد مرۆڤییان تووشی گرێ پووچکەی ئەقڵ کردووە و هەموو مانا و چەمکەکان پێچەوانە کراونەتەوە و هەموو ئازادییەکانی مرۆڤ خەوشدار کراون و لە تەپ و تۆزێک کە لە سەر ڕێگای ژیانی مرۆڤایەتیدا دروستییان کردووە، ژیانی ڕاستەقینەیان ون کردووە و کۆمەڵە داب و نەریتێکیان لە نێو ئەقڵی مرۆڤدا لە تویێی هەزاران ساڵ چەقاندووە کە ژیانی ڕاستەقینەی بێ گرێ و گۆڵ ون بووە و پەیدا کردنەوەی ڕاستییەکان زۆر ئەستەم بۆتەوە و هەر کەسیش بە پێچەوانەی داب و نەریتە کۆن ئاڵۆکانیان قسەی کرد، ئەوا بە بێ ئەقڵی دەزانن، بۆ ئەوەی وەک ئەوان بیر ناکاتەوە.

ئێستا لە سەرەتای دۆزینەوەی ژیانی ڕاستەقینەداین، بەڵام تا لابردن و شتنەوەی هەموو تەپ و تۆزەکان ساڵیانێکی زۆری دیکە کات دەگرێت. لە پەراوێزدا ئەم ڕاستییەش بدرکێنم کە سەلمێندراوە کە تا ئەوکاتیش مرۆڤ بە هۆی ماهییەتی خۆیەوە کۆمەڵێک زنجیری دیکە پەیدا دەکات و لە دەست و لاق و مل و هزری خۆی دەئاڵێنێت! مرۆڤ لیبڕالیزم و ئازادی دۆزییەوە بەڵام کۆمەڵێک زنجیری دیکەی ئاوێتەی کرد و هێند ئاڵۆزی کرد کە زۆر جا گیر دەخوات بە دەستییەوە، کومونیزم و سوسیالیزمی دۆزییەوە ئەویشی کردە ئایین و کۆمەڵێک زنجیری تێ ئاڵاند و بۆ دێمۆکڕاسی و زۆرچەمکی دیکەش هەر ئەو بەزمەیە، بۆیە دەڵێم مرۆڤی ڕابردوو تا ئەم سەردەمەش لە ماهییەت و لە ژێنی خۆیدایە کە زنجیر لە خۆی ئاڵێنێت و لەخۆڕا دەست و پێی خۆی ببەستێتەوە و مێشک و هزری بە شتگەلی ناپێویستەوە

خەریک بکات، وەک شتێک حیسابی جل و بەرگ بۆ ئەو زنجیرانە دەکات و هەر پێویستی بەم خۆ بەستنەوەوە بێت، ئەگینا خۆی بە بێ زنجیر بە ڕووت و قووتی ئەبینێت!!

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو ڕەستە بە ناو بانگەی کارڵ مارکس بێنمەوە کە وتوویەتی "ئایین تلیاکی خەڵکەکان یا کۆمەڵگاکانە" ناوبراو زۆر جوانی بۆ چووە، بەڵام نەیزانی بیر و باوەڕەکەی خۆیشی هەر ئەبێتە تلیاکی کۆمەڵە خەڵکانێک. دیارە ئەم ڕەستە دوو مانای هەیە یەکیان تلیاک بوونی ئایین بەو هۆیەوە کە خەڵک گیرۆدەی خۆی دەکات، بەڵام مانایەکی دیکەی کە زۆر گرنگە و بەم باسەی منیش دەخوات ئەمەیە کە کەسێک کە تلیاک و مادەی سڕکەری کێشا یا ئەلکوولی (کحۆڵ)ی خواردەوە، مێشکی وەک خۆی نامێنێت و تارماییەک بەر بە درووست بیرکردنەوەی دەگرێت و ناتوانێت چاکە لە خراپە بە تەواوی لێک باتەوە. من ئەم چەمکەیانم زیاتر بەلاوە درووستە لەو ڕەستەدا و ئەمە هەر ئەو تەپ و تۆزەیە کە لە سەرەوە باسم کردووە. تلیاک تارمایی دەخاتە ئەقڵەوە و ئایینیش تەپ و تۆز لە سەر ڕێگای ژیانی ڕاستەقینە و ئازادییەکان درووست دەکات. کە مرۆڤ ئایینیی بیری کردەوە وەک ئەو کەسە وایە کە ئەلکوولی خواردۆتەوە یا تلیاکی کێشاوە، ئیتر ناتوانێت بە شێوەی دیکە بیر بکاتەوە مادام ئەو مادە سڕکەرە یا ئەو ئایینە لە مێشکییدا بێت کارتێکەری لە کردار و وتەکانیدا دەکات و ئەمە ئەو زنجیرەیە کە باسی دەکرێت، دەست و لاق و هزری ئەبەستێتەوە و تەنانەت هەندێکجار ئەیخات بە عەرزا و ناتوانێت درووست بە ڕێگاشدا بڕوات، پێم وابێت زۆرمان ئەلکوولمان خواردبێتەوە و ئەم وەزعەمان ئەزموون کردبێت! کەواتە مەستیی بە ئەلکوول یا مادە سڕکەرەکان هەر وەک ئەو فووندامێنتالیستە وایە کە تارمایی ئایین مێشکی داگیر کردووە و هەم ئازادییەکانی خۆی ناناسێتەوە و قەبووڵیانی نییە و هەمیش ئامادەیە خەڵک بۆ ئایینەکەی بکووژێت، واتە لە تێلێسمی ئاییندایە و چی پێ ئەمر بکرێت هەوڵ دەدات بە کردەوەی دەر بێنێت و ئەمانە بۆ ئایدیۆلۆژییەکانی دیکەش هەر یەک قاعیدەن. تەنانەت هەندێک یاسای قەزایی دادگاش ئەتوانن ئەو ڕۆڵە بگێڕن، لە ئێران حکومەت خەڵک بە ئاشکرا دەکووژێت بە ناوی یاسا و پێشێلکردنی یاسا، کە لێی دەکۆڵێتەوە، سەیر دەکەی بۆ نموونە بە تاوانبار ناسراو کوردە و گۆڤارێکی کوردی پێ بووە، یا ژنێکە و خۆشەویستیی کردووە و یا دەستدرێژی جەستەیی و سێکسی کراوەتە سەر و بەرگری لە خۆی کردووە و ......، ئەبینین کە لە ئەساسدا نە تەنیا تاوانبار نین، بەڵکو ئازادی تاکە کەسییە کە حکومەتی ئیسلامی ئێران پێشێلییان دەکات، بەڵام زنجیر و تارمایی ئایین تێلێسمی کردوون و ئەو ئەمرەیان پێ دەکات و خەڵک لە سەر ئازادیی تاکە کەسی خۆیان و خۆشەویستی و جیاوازی بیر و باوەڕ و ....... بکووژن. توندئاژۆیی ئایینی و تەپ و تۆز و تارمایی و تلیاکی توودەکان!

لە کۆتاییدا چاک وایە بڵێم کە چارەنووسی هەموو زیندەوەران و پەلەوەران، دارا و نەدار، ئاژەڵ و مرۆڤ، نەخۆش و ساخ و .... هەر یەک شتە و ئەویش مەردنە، جا چ بە فیشەک، چ بە زیندان و ئەشکەنجە، چ بە تەنافی دار، چ بە نەخۆشی و چ بە کەوتنەخوارەوە، چ بە سووتان و خنکان و یا خوورانمان لە جەنگەڵ، یا بە سەرما و گەرما و ......، مردنی جەستە تاقە ڕاستییەکی سەلمێندراوە، کە هیچ تەپ و تۆزێک و هیچ تارماییەک و هیچ "ئاقڵێکی" لە ئاقڵان ئاقڵتر نەیتوانییەوە بیشارێتەوە. چرای ژیانی هەر کەسێک کە کووژاوە، چیرۆکی ژیانیشی کۆتایی پێ دێت، بەڵام ژیان بۆ پاشماوەکان هەر بەردەوام دەمێنێت تا نۆرەی ئەوانیش دەگات و ئەوەی زیندوو ئەمێنێت بیرەوەرییەکانە لای پاشماوەکان و فیلم و وێنە هەڵگیراوەکان، یا نەخەیر نووسراوە و کتێب و شاکارە هونەری و ئەدەبی و زانستییەکانن کە دەمێنن، بەڵام ئەوانیش پاش ماوەیەک کۆن دەبن و شتی نوێیان بە سەردا دەتەپێت و کۆنەکانیش لە بیر دەچنەوە. مەگەر شتێک بە زیرەکی بکرێتە ئایدیبیا و لە دەست و لاق و هزرەکان بئاڵێندرێت، ئیتر ئەم زنجیرانە سەدان ساڵ لە ناو ناچن، بۆ ئەوەی وەک لە سەرەوە وتم مرۆڤ لە ماهییەتی خۆیدایە کە زنجیر لە هزر و لەشی خۆی ئاڵێنێت، مرۆڤ پێویستی بەو تلیاکەیە!!!!

۲۹ی بەفرانباری ۲۷۱۰